# ١٨ ـ حەمبەلە تفڤانی

لە بەینی « ٢ ـ ٨ » منداڵ ئەکرێ . لە تەمـــەنی « ٨ ـ ١٢ » ساڵیدا .

دیوارێك ئەکەن بە قزگەو ماوەیەك لێی دوور ئەبنەوە هەموو بە ریزە لە تەنیشت یەکا ئەوەستن ، هەموو بە جاری بە چوززەکە بۆ دیوارەکە ئەچن دەستی لێ ئەدەنو ئەگەڕێنەوە بۆ جێکاکەی خۆیان هەر بە چوززەکەو بە پەلەش ئەڕۆن ، لەگەڵ چونو هاتنەوەکەشدا ئەڵێن : « حەمبەلە تفڤڤڤ ... » جا کامیان توانی لە سەر یەك هەناسە بکاتە دیوارەکەو بگەڕێتەوە جێگای خۆی بەبێ ئەوەی « هەناسە وەر بگرێ یا لە دەنگ بکەوێ » ئەویان زۆر ئازایە .